# کـــوڕانـــی درۆزن و کچـــانی خۆشبـــاوەڕ

"کچ هەیە دەشزانێت کوڕەکە درۆی لەگەڵدا دەکات، بەڵام هیوای پێدەبەستێت، چونکە وا دەزانێت ئیتر کەسی دەست ناکەوێت، کچیش هەیە کوڕ هەزار درۆی لەگەڵ بکات هەر بەخۆی نازانێت، چونکە ساویلکەیە".

ئەوە قسەی گەنجێکی تەمەن ١٧ ساڵانی خوێندکاری زانکۆ بوو، کە دەربارەی درۆکردنی کوڕەکان بەتایبەت لەسەرەتای دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستیو خۆشباوەڕی کچانیش لەکاتی پەیوەندیەکەشدا دەیوت.

شاناز کچێکی تەمەن ١٧ ساڵەو وەك خۆی باسی دەکرد، زیاتر لەهاوڕێکانی خەفەت بەدیاردەی درۆ دەخوات لە ناو گەنجەکاندا "کچەکان ئەوەندە بەریئن ئیستیغلالی بەرائەتیان دەکرێت، کوڕ بۆ ڕازی کردنی کچێك دەیەها درۆ ئەکات، وەك من دەوڵەمەندم و کوڕی فلان و خزمی فلان و.... و دواییش وازی لێدەهێنێت". شاناز هێندە تێبینی (درۆ)ی کردووەو وەك خۆی دەڵێت توشی ڕەشبینی بوە "لەم زانکۆیەدا سەدەها کوڕی بەڕێزو ڕاستگۆ هەیە، بەڵام من بەتەواوەتی باوەڕم نە بەکوڕو نە بەخۆشەویستی نەماوە". ئەو بۆ ڕونکردنەوەی قسەکانی باسی لەنمونەیەکی زیندوی کچێکی هاوڕێی دەکاتو دەڵێت "کچەکە هەمو پەیوەندییەکی ڕەت دەکردەوە، کوڕێك لەگەڵ هاوڕێکانی گرەوی کردبوو وتبووی هەر ڕازی دەکەم، ئیتر بە، بۆت دەمرمو کەس شك نابەمو بێ تۆ ناژیمو و... کچەکەی ڕازی کرد ،پاش یەك دوو ڕۆژ کوڕەکە وازی لە کچەکە هێناو وتی من هەر بۆ گرەوەکەم بوو".

محەمەد عەبدوڵای تەمەن ٣١ ساڵ کاسبەو زۆربەی کات لەدوکانەکەی بەسەردەبات، دەڵێت "لەمێژ بوو حەزم دەکرد ژیانی هاوسەری پێك بهێنم، من درۆ ناکەم، بەڵام دەترسم درۆم لەگەڵ بکەن". ئەو باس لەوە دەکات کە کوڕانی فێڵباز زۆرنو درۆ دەکەنو ٥٠% ی ئەو کوڕانە تەنها مەبەستیان پێڕابواردنی کچانو ژنانەو هیچی تر "کچانیش درۆزنن،زۆرن ئەو حاڵەتانەی بەر لە هاوسەر گرتن کچەکە دەڵێت "بە هەموو شتێك ڕازیم و لەسەر حەسیر دەژیم لەگەڵتا". هەرئەوندە داوات کرد ئیتر سەرت ئەکەن بە قورا بۆیە جورئەتی هاوسەر هەڵبژاردن ناکەم".ئەو لەمەسەلەیەك دەدوا کە پەیوەندی بەژیانی خێزانەوە هەیەو ئەگەر ئەو بیەوێت درۆ بکات بەپرد زۆر بەئاسانی دەتوانێت سێکسو پارەو.. هتد ی دەست بکەوێت، محەمەد دەڵێت" ژنێك دێتە لام، هاوسەرەکەی زۆر دەوڵەمەندە ئەو ژنە لەهیچی کەم نیە، سۆزو قسەی جوان نەبێت، من دەتوانم بەچەند قسەیەك ئیستیغلالی ئەو پێداویستییەی ئەو بکەم، بەڵام درۆ لەگەڵ خۆمو ئەویش ناکەم".

نادیە حەسەن کچێکی تەمەن ١٧ ساڵەو خوێندکاری زانکۆیە، دەڵێت "کچان لەترسی قەیرەیی باوەڕ بەقسەی کوڕان دەکەنو کچیش هەیە لەچەند ئەزمونێك دەرس وەرناگرێت".

ئاوات ئیبراهیم گەنجێکی دانیشتوی سلێمانیەو دەڵێت "کچان زۆر خۆش باوەڕنو لەدەرەوە دابڕاون وەکو کوڕ مامەڵە لەگەڵ کەسایەتی زۆردا ناکەنو لەترسی ئەوەی کەسیان دەستنەکەوێت شوی پێبکەن، باوەڕ بەکوڕان دەکەن". بەڵام دانا کە گەنجێکەو پۆلیسی هاتوچۆیەو یەکێکە لەو کوڕانەی لەناو برادەرەکانیدا بەکوڕێکی خوێنەر ناسراوەو هەوڵدەدات ڕەخنە لەواقیعی گەنج لەم کۆمەڵگایەدا بگرێتو دەڵێت "درۆکردن بۆتە عادەت، بەڵام کۆمەڵگا بەرپرسە کوڕو کچ قوربانی ئەم واقیعە تاڵەن، ئەگەر وا نیە بۆچی ڕۆژانە ئەو کوڕو کچانەی ڕوودەکەنە مەیخواردنەوەو جگەرەکێشان زیاد دەکەن، ئەوە ڕاکردن نیە لەواقیع؟".

دانا کۆمەڵێك دیاردەی ناشیرینی نێو گەنجەکانی وەك وەستان لەبەر مەکتەبی کچانو تەسویرکردنی کچان بەموبایلو وەرگرتنی کارتی موبایل لەکوڕەکانو... هتد بەزەنگە خەتەرناکەکانی بەرەو هەڵدێر چونی گەنجان لەقەڵەم دەداتو پێی وایە زۆرن ئەو هۆکارانەی کە وا لەو گەنجانە دەکات، ئایندەیان نادیار بێتو یەکێکیش لەو هۆکارانە بەسەقەتی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لەقەڵەم دەدات.

مامۆستا یوسف عوسمان (دەرونزان) سەرپەرشتیاری دەرونزانی لەپەروەردەی گشتی لە هەولێر،سەبارەت بەدیاردەی درۆکردن لەناو گەنجانو لەمیانەی دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستیدا دەڵێت "درۆ کردن بۆتە بەشێك لەڕەوشتی ئێمە لەم کۆمەڵگایەدا، پەیوەندی نێوان کچو کوڕی ئێمە ئاوێتەیە بەترسو ترسیش گومان دروست دەکاتو گومانیش وا لەگەنجەکان دەکات ماسك(قیناع) بپۆشن بۆ ئەوەی سەرەنجی یەکتر ڕابکێشن".

ئەو پێی وایە نەبونی متمانە بەخۆوهەروەها درك نەکردنی خۆشەویستی، گومانی کچ لەکوڕو بەپێچەوانەشەوە، دروست دەکات ووا دەکات درۆ سەر هەڵبداتو دەڵێت "لەدرۆ باوەکانی کوڕ شانازی کردنی بەشتەوە وەك سەیارەو هاندو.. دەوڵەمەندیو..و لەدرۆ باوەکانی کچیش شانازی کردن بەشەهادەو سیفەتی جوانو هەندێکجار سوێند دەخوات ئەوە یەکەم پەیوەندییەتی کە ئەوانە لەڕاستیدا هەموی درۆیە". هەروەها دەڵێت "لەسیفەتە هەڵەکانی کچان لەم قۆناغەدا ئەوەیە زۆرجار لە (ژوان)دایە لەگەڵ کوڕێکدا هاوکات بیر لەکوڕێکی تر دەکاتەوە کە ئەو سیفەتانەی هەبێت کە لەکوڕی هاوژواندا نیە، ئیدی باس لەوە ناکەم کچان دەچن جلو زێڕی کەسانی تر دەبەنو پێوەی دەچنە ژوان" ئەو پێی وایە هەردوو ڕەگەزە درۆی هاوشێوە دەکەنو پەنا دەبەنە بەر خۆشەویستی بەدزییەوە، ئەوەش لەترسی چاوە دیارو نادیاردەکانی کۆمەڵگایە، مامۆستا یوسف دەڵێت "کە درۆ دروست بوو پەیوەندیەکە لەخۆشەویستی دەچێتە دەرەوە". ئەو فراوانتر لەژیانو ئاوێتەبوونی درۆ دەڕوانێتو دەڵێت "پەروەردەی هەڵەیەو دابو نەریتی کۆمەڵگایە درۆ بەگەنجەکان دەکات، پێم وایە کچان خۆشباوەڕترن" ئەو خۆشباوەڕیی کچان دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی وا پەروەردە ناکرێن کە ئیرادە بەهێزو متمانەیان بەخۆ بێت، ئیدی ناتوانن بڕیار لەدرۆی بەرامبەر بدەن "کێشەکە لەوەدایە کچان وا پەروەردە دەکرێن و هاوکات باجی هەڵەکان هەر ئەوان دەیدەن کە جاری وا هەیە دوچاری کوشتن دەبنەوە ".

مامۆستا یوسف جەخت لەوە دەکاتەوە کەراستی سەرو خۆشەویستیە، مرۆڤ دەبێت خۆشەویستی بۆ خۆی هەبێت بە واتایەکی تر، ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خۆیدا گەر نا، ئەوا ئامادەیی ئەوەی تێدا دەبێت لەگەڵ بەرامبەردا درۆ بکات و (بەرژەوەندی)کۆنترۆلی کەسەکان و پەیوەندیەکان دەکات و پەیوەندیەکە دەبێتە مامەڵەیەکی بازرگانی و دواجار دەڵێت"هەرکە ڕاستی هەڵوری ئیدی خۆشەویستی هیچ مانایەکی نیە ".

**ئا/ هانا**

---

# کارنامەی دەرچون ئەو سەر ئێشەیەی خوێندکار بەدوایدا دەگەڕێت

خوێندکارانی قۆناغی کۆتایی لەپەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی، لەگەڕانیان بەدوای سەرچاوە بۆ ئامادەکردنی کارنامەی دەرچون، نیگەرانو مامۆستاش گلەیی لەهەوڵو کۆششی جدی خوێندکار دەکاتو بەکەمتەرخەمیان ناو دەبات.

ح. ع دەستی لەگیرفانی قەمسەڵەکەیدا بوو، بەشەرمەوە خۆی کرد بەکتێبخانەی ڕێوان و وتی "کتێبی مێژووییتان هەیە، باس لەشۆڕشەکەی شێخ مەحمود بکات؟"

ناوبراو لە گەڕاندابو بەنێو کتێبخانەکەداو، پاش ئەوەی لەکتێبخانەی پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی، کە خۆی یەکێکە لەخوێندکارەکانی هیچی دەست نەکەوتوەو بەبێزارییەوە لەبەر خۆیەوە وتی "مامۆستای وانەکە هاوکاریمان ناکات، دوجاریش توێژینەوەکەی پێ نوسیومەتەوە، بۆیە تەواو بێزار بومو ئارەزووی کارنامەکەم نەماوە".

کارنامەی دەرچون (بەحسی دەرچون) یەکێکە لەمەرجەکانی سیستمی خوێندن لەکوردستانو عێراق بەگشتی، لەوڵاتانی دونیاش پەیڕەو دەکرێت بەجیاوازی پەیڕەوو پرۆگرامی دامەزراوە پەروەردەییو فەرهەنگیەکان.


خوێندکارانی پەیمانگای مامۆستایان بە دوای سەرچاوەدا دەگەڕێن

لە کوردستانیش پەیمانگاکان بەهەمان شێوەی زانکۆ، لەکۆتایی قۆناغی خوێندن، خوێندکار خۆی ئامادە دەکات بۆ نوسینەوەی کارنامە، کە دەبێتە یەکێك لەبنەمای سەرکەوتنی لەو قۆناغەو کارنامەکەش، توانای خوێندکار دەردەخات لەچۆنیەتی گەڕان بەدوای سەرچاوەو زانیاری، کە لەقۆناغی ماستەرو دکتۆراش خوێندکار سود لەو بنەما سەرەتاییەی وەردەگرێت کە لەم قۆناغەدا فێری دەبێت.

لەگەڵ گرنگیو پێداویستی کارنامەکە، بەڵام پرتەو بۆڵەو بێ تاقەتی، بەسیمای زۆربەی خوێندکارانی ئەم قۆناغە دەردەکەوێت، لەکاتی گەڕانیاندا بەدوای سەرچاوەی زانیارییەکان، هەروەها ڕەخنەی زۆریان هەیەو پێیان وایە وێڕای ماندوبونیان، کەموکورتی هەیە لەمەنهەجی خوێندن، وەك پەری خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایان دەڵێت "ئەم کارنامەیەی ئێمەی پێوە ماندو دەبین، کەمترین سودی دەبێت بۆ ئایندەمان".

بۆیە بەگاڵتەجاڕییەوە سەری هەڵبڕیو بەهاوڕێکانی وت "ئاخر بەکێ ڕەوایە، پراکتیكو لێکۆڵینەوە لەهەمان ساڵی دەرچواندا بێت".

لەولاوە ڕزگاری هاوپۆلی، هەڵیدایەو وتی "سودی چی جارێ، ئێمە کێشەی نەبونی سەرچاوەمان هەیە، قسەش بکەین مامۆستا گوێمان لێ ناگرێت".

مامۆستا ئیبراهیم فەتاح لەپەیمانگای مامۆستایان، ئاماژەی بەوە کرد، ئەوان هاوکاریو ئاسانکاری زۆریان بۆ خوێندکار کردووەو تەنانەت ئەوەشیان ڕەچاو کردووە، کە کتێبخانەی پەیمانگا هەژارەو لەتوانایدا نیە، هەموو سەرچاوەیەك فەراهەم بکات، هەروەها وتی "هیچ بابەتێك ناسەپێنین بەسەر خوێندکار، ئەو ئازادە لەهەڵبژاردنی بابەتی کارنامەکەی".

لەلایەکی ترەوە ناوبراو جەختی کردەوە کە، خوێندکار وانەی تایبەت بەلێکۆڵینەوە دەخوێنێتو فێریان دەکەن چۆن بگەڕێن بەدوای سەرچاوەو چۆنیەتی داڕشتنەوەی زانیارییەکانیان. لەم بارەیەوە دڵشاد عومەری سەرۆکی پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی، ئاماژەی بەوە کرد کە خوێندکار خۆی ناخوێنێتەوەو، خۆی ماندو ناکات.

"ڕاستە کتێبخانەکەمان بچوکە، بەڵام لەکۆی ٢٠٠٠ خوێندکار لێرە، تا ئێستا یەك کتێبیان وەرنەگرتووە بیخوێننەوە".

خوێندکاریش دیدێکی تری هەیە بۆ کێشەکەو باس لەوە دەکەن، مامۆستاکانیان پاش ئەوەی کارنامەکە ئامادە دەکەنو پێوەی هیلاك دەبن، پێیان دەڵێن لاوازەو ڕەتی دەکەنەوە.

بەڵام مامۆستا ئیبراهیم فەتاح بۆچونێکی تری خستەڕوو وتی"کارنامەی باش هەرگیز ڕەتناکرێتەوە، بەڵام ڕەتکردنەوەی هەندێ کارنامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هی ساڵی پێشووترەو خوێندکاری ئەمساڵ کۆپی دەکاتو دەیکات بەهی خۆی".

لەلایەکی ترەوە سازان جەلالی تەمەن ١٩ ساڵی خوێندکار، لەبنەڕەتدا لەگەڵ مەنهەجی خوێندنی پەیمانگانیەو دەڵێت "مەنهەجەکەمان هیچ باش نیەو پەیوەندی بەئێمەوە نیە لەئایندە وەك مامۆستای سەرەتایی، چونکە پەیوەندی بەخوێندنو مەنهەجی سەرەتاییەوە نیە".

هۆکارەکانی بێزاری خوێندکاران لەئامادەکردنی کارنامەی دەرچون، بەبۆچوونی دڵشاد عومەر سەرۆکی پەیمانگای مامۆستایان لەسلێمانی، پەیوەستە بەئارەزو و ئیرادە، چونکە خوێندکار لێرە بەخواستی خۆی نایەتە پەیمانگاو لەبەر ئەوە ئارەزووی خوێندنو خوێندنەوەی نیە، ناوبراو دەڵێت "بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەش پێشنیاری کۆنگرەیەکی پەروەردەیی دەکەین کە تیایدا، داوادەکەین قبوڵی مەرکەزی نەمێنێتو کێ ئارەزووی وانە وتنەوەی تێدایە، با لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە وەربگیرێتو نمرە نەمێنێتو نەبێت بەمەرجی وەرگرتنی خوێندکار".

**ئا/ فەرزانە عەلی**